# ((هاواری نەفەسە قەتیسەکان))

پێش کەشە بە 70شوڕە سواری ڕێی شۆڕش و5000 نەفەسی قەتیس کراوی

دەس میردەزمەی شەوگاری ڕەش

**شەماڵ**



ئاسمان سامالٚ

هەتاو دەمی بە پێکەنین

دوا هەناسەی هەموو خەمێك

بەرەو کۆتایی بوون

هەنگاوەکانی هەڵدەگرت

یاخی بوون لە تراژدیادا

گەیشتە دوایین پلەی خوی و

سەدەی بیستەم لەخۆیاخی.

کوردستان تاقیگەیەك

لە بۆ دنیای بەربەریەتی

داپلۆسێنەری سەرمایە.

شوناسی ئەم

جۆرە لە باسی مرۆڤ بوون

خوی لەو گەردەلوولەدا دەدیەوە

کە وا دوایین دەقی

یاخی بوونی خۆی دەسەپاند.

چ کارەساتێکی داغدار

لە دنیای پیشکەوتن دا

دەسکەوتی خۆت
گەرووی ماندوونەحەساوەت
دەخنکێنێ و
وشك وشك
ڕەهێڵەك لە بارانی
نوقم بووی ناو
چاوە زیتەڵەکانی
بە سەر گوێی دڵتدا
دەبارێنێت.
ئەمە ژانی گڕگرتووی
کام هەوری ڕشە
کەوا ددان دەکاتە وەو
برسی ئاسابەچرکەیەك
پێنج هەزار جار
ناخی دڵی هەموو گوڵێك
دەژاکێنێ
هەناسەی گشت
بەیانیەکان، بە سووتانی
بووبە ژیلە مۆی ئاگری
شۆڕشە سوورەکەکەی
کوردستان
ترووسکەی شاباڵی سووری
هەڵووی چیای
دڵەگەورە و خوێنینەکەی

**عومەری خاوەر بوو**

**کەوا، کۆرپەی شۆڕشی**

**لە باوەش گرت**

**حەفتاشۆڕە سواری شۆڕش**

**ڕوولە ڕووی مەرگ**

**مردنیان بۆ دوژمن**

**نووسی و**

**سنوور و ڕووبار و سیروان**

**بەرگەی خروشیانی نەگرت .**

**16ی سیە و**

**هەناسەکان لە ناو**

**دڵی هەموو**

**شەقام و کۆڵانێکی**

**شارە شەهیدەکەی**

**هەڵەبجەدا**

**حەیرانی سەربەستی دەچڕن و**

**ئاوازی ناخی ئەو**

**باڵندە باڵ سووتاوانەی**

**دەهۆننەوە**

**کە بۆ ئازادی هەڵفڕین و**

**بە ئاگری سووتکی**

**شەوەزەنگی تاریکی**

**هەڵپڕووزان**

**ئەمە قرچەی دڵی**

**دایکی ئێمەس**

**کە برووسکەی**

**حەفتا ئەستێرەی**

**توورە بوو و**

**هەڵچوو لە دەس**

**شەوەزەنگێ**

**دەکاتە بەرۆکی یەخەی**

**مێژووی پڕلە چاوەڕوانی**

**ئەم ڕۆژهەڵاتە دا**

**ڕێ دژوارەو**

**هەورازێکی سەخت ولێژە**

**وەیشوومەیەکی سامناکە**

**دنیا تاریك**

**گەرای هەموو**

**ماسیە چکۆڵەکانی**

**ناوچاوانی**

**ئەم پاییزە خەمناکە**

**وەك دانە دانەی**

**گوەی هەنارە زامدارەکان**

**لە ناو دووکەڵی زامی**

**خۆیاندا غرق بوون.**

**هەور گرمەی**

**لە دڕندەیەکی دڕ دەچێت**

**هەر وەك هاڕەی**

**چەرخی زەمەن**
**وەك ویژدانی دێوەزمەیەك**
**كە تەنیا شەو**
**هەناسەی ئەو**
**خەنی دەكات**
**سیروان كوڵی هاتووتە سەر**
**لە تاو گەرمی**
**لەشی خۆی دا دەتوێتەوە**
**وشك وشك**
**وەك خەونی بارانێكی سووتاو**
**ئاگری غەمی لێدەباریّ**
**پۆلێك هەلۆی**
**شەلاڵ لە خوێنی برینی**
**دەس شەوی ڕەش و**
**قاقڕستان و وشكەڵانی**
**هاتوون بۆ**
**دیداری ئەو**
**باغچە پڕلە گوڵە سوورەی**
5**هەزار جار**
**بوون بە خەڵۆز**
**هەتا وەكووبڕیارنامەی**
**وەرزی ئازادی**
**داڕێژن و**
**بە ویژدانی كپ و خامووش**

**رابگەیەنن:**

**ئێرە گڵکۆی**

**شریخەی ئەو**

**شاباڵە کۆچەرانەیە**

**کە سواری هەناسەیەکی**

**ژیلە مۆیی بوون**

**هەتا بریسکەی شاباڵیان**

**هەڵگیرسێنێ مەشخەڵانی**

**ئاگری شۆڕش.**

**ئێستە ئیدی**

**حەفتا هەڵۆی سەربەرزی**

**چیای شۆڕش**

**بە گژ داڵی لاشە خۆردا**

**دەچنەوەو**

**لە میوانی**

**5هەزار کۆتری سپی دان**

**من نازانم**

**ئەم برینە چۆن ساڕێژ کەم**

**یەکجار سەختە**

**ئەم تاریکیە گیرانی هەتاویك نیە**

**برینێکی کاریە و**

**یە کجار سەختە ساڕێژ بوونی**

**ئەمە خەمی شەهید بوونی**

**هەڵەبجەیە و**

**شه وەزەنگیکی تاریکە**

**لە شارستانیەت و ژیاردا**

2007/3/16